# با دەنگمان بخەینە پاڵ دەنگی ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیرانی شاری هەولێر

بە مەبەستی پێشگرتن لەو مەترسیانەی ماوەیەکە لە هەولێر سەریان هەڵداوە سەبارەت بە پێشێل کردنی ئازادی رادەبڕین ، بە تایبەتی ڤیتبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر لە بەرامبەر ئەو برە ئازادییەی کە هەیە کۆمەڵێك نووسەر و رۆژنامەنووس لە شاری هەولێر لە ڕێگەی بە یانامەیەکەوە داوا لە رۆژنامەنووس و نووسەرو رۆشنبیران دەکەن کە بە توندی رووبەرووی ئەو پێشێل کاریانەی ئەنجوومەن ببنەوە ، لە کاتێکدا دەزگا حکومییەکانی هەولێر لە ڕێگەی هەرەشە و ترس و دەستگیرکردنی رۆژنامەنووسان بە بیانووی بێ بنەما دەیانەوێ سنوورێك بۆ ئەو کەشە ئازادییە دابنێن کە هەندێك رۆژنامەنووس و رۆشنبیران بە چاوی قایمی خۆیان دایان هێناوە.

ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە.

## " بەیاننامەیەك لەسەر پرسی ئە نجومەنی پارێزگای هەولێر و ڕێبوار سێوەیلی "

دوای ئەو چاوپێکەوتنەی ڕۆژنامەی میدیا لە ژمارە (201) ڕۆژی 2005/7/26 لەگەڵ نووسەر و رۆژنامەنووس "ڕێبوار سێوەیلی" سازی دابوو، کە تیایدا قسە لە پرسی گرۆپی تیرۆریستی شیخ زانا کراوە، ڕۆژی 2005/8/1 ئەنجومەنی بەڕێزی پارێزگای هەولێر بەکۆی دەنگ بەیاننامەیەك لە دژی بەشێکی قسەی نووسەر دەر دەکات و تیایدا بەتوندی هێرش دەکاتە سەری و قسەی نابەجێ و تەشهیری لەبەرامبەر دەکات، ئێمە پێمان وایە ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگا پێیهەڵساوە کار و وەزیفەی ئەو نییە، بۆیە ئەنجومەنی پارێزگا پێویست ناکات بەمشێوەیە موداخەلەی پرسێك بکات کە پەیوەست بەو نییە، لەهەمانکاتیشدا پێمان وایە ئەم کارە ڕێگرتنە لەبەردەم ئازادی ڕا دەربڕین و قسەکردن لەسەر پرسەکانی تایبەت بە ژیانی کۆمەڵگای ئێمە.
ئێمە ئەم ڕەفتارە بەکردەیەکی نێگەتیڤ دەبینین بۆ سەر ئازادی کاری ڕۆژنامەنووسی و دیموکراسی و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای کوردی، بۆیە بە هەموو شێوەیەك ڕەتیدەکەینەوە.
داواکارین ئەنجومەنی پارێزگا داوای لێبوردن لە ڕێبوار سێوەیلی بکات لەوەی هێرشی ناڕەوای کردۆتە سەر، هەروەها داوای لێبووردن لە هاوڵاتیانیش بکات ئەوانەی دەنگیان پێداون، چونکە بۆ ئەوە دەنگیان پێنەداون بێدەنگیان بکەن، بەڵکو بۆ ئەوە دەنگیان پێداون خزمەتیان بکەن، پێویستە ئەنجومەنی پارێزگا چیتر ڕەفتاری لەمجۆرە دووبارە نەکاتەوە و تەداخولی کارێك نەکات کە پەیوەست نییە پێیەوە، پێویستە حکومەتی هەرێم سنورێك بۆ تەداخولی لەمجۆرە دابنێت ڕێگانەدات دووبارە بێتەوە.

**کۆمەڵێك نووسەر و ڕۆژنامەنووس**
2005/8/8